# پرسیارم لە عائیشە کرد، ووتم: بۆچی ئافرەتی حەیزدار ڕۆژوو دەگرێتەوە، بەڵام نوێژەکان ناگێڕێتەوە؟

لە موعازەوە دەڵێت: «پرسیارم لە عائیشە کرد، ووتم: بۆچی ئافرەتی حەیزدار ڕۆژوو دەگرێتەوە، بەڵام نوێژەکان ناگێڕێتەوە؟ ئەویش ووتی: ئایا تۆ حەروریت؟ ووتم: من حەروری نیم، بەڵام پرسیار دەکەم، لە وەڵامدا ووتی: « ئێمەی ئافرەتان توشی سوڕی مانگانە دەبوین وفەرمانمان پێدەکرا کە ڕۆژوو بگرینەوە، و فەرمانمان پێنەدەکرا نوێژەکان بگێڕینەوە».

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

موعازەی عەدەوی پرسیاری لە (دایکی ئیمانداران) عائیشە کرد -ڕەزای خوای لێبێت-، ووتی: بۆچی ئافرەت کە تووشی سووڕی مانگانە هاتبێت ڕۆژوو دەگرێتەوە، بەڵام نوێژەکان ناگێڕێتەوە؟ عائیشە ووتی: ئایا تۆ لە خەواریجە حەروریەکانیت؟ کە زۆر پرسیار دەکەن بۆ زێدەڕۆیی کردن وتوندڕەوی؟ ووتم: من حەروری نیم، بەڵام پرسیار دەکەم، لە وەڵامدا عائیشە ووتی: تووشی سووڕی مانگانە دەبووین کاتێك پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ژیاندا بوو، وفەرمانمان پێدەکرا کە ڕۆژوو بگرینەوە، بەڵام فەرمانمان پێنەدەکرا کە نوێژەکان بگێڕینەوە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee